روێەچۆن کشک اڕبهێناهنەتەکنی یەک شوکارەبتێلاوت کوەنێبهێنێ؟ت

روێەکشک بە شێس یکەیەورووشتی کێنێوشید چواخەند کێنێوشە ، زی جار سەبرۆووچێک، هەڵەهبژمیز و ون تاکرێ زیەبرۆ
تێدا بکەهان. ڕێاننی کەروێشکەکەت ۆ ئبەنجامدانی و کارەئ بە دروستی پێویستی بە شارەزایی ەهیە تێبو دە
رەتلیێوک ەچۆن و لەک تینازبسەکەی رەتلیتێیندەاۆ دبو سۆکاۆ(کبوەئ ەتسدە ەی کەبێتە شوێنی توالێتی کاەلقشپنی
. پێش مەهوپ تو شێویستە روێەک ەک تینازبوەئشک او ماڵنەلدا پێویستەوە هەبیانیە ش ەکوێنێکی بیتاەت بە ۆکبە
نک تێباەس رەهاسانی بکات گبیڵەو هرێت نێوشەلکێکاتەی خۆەکدایەیتیۆکبرەتاو لینەد لواخسەیەک کەروێشکەکە)
یوإرەوە چەند پێشنکیارێن وو هیەبایەی یتتیەارم بەن لدەک ەوەی کەروێشکەکەت رەتی لیرێف بتێببسا ۆکیخۆنیان هەبێت.
خۆیدایە. ماەئنەخ

ایئا چ مەتەنێک گواوە ؟جن
کەروێشکی دە رێف رتنورە ئاساەگبن کەلکوەروێشکی بچودەوێ یکاتڵانچۆن م کروەهە .کوت تێبدە تێلاوی ترێف وتاک
بە مان شەهێروێەە. کوشک ەهیە زەوو، هز رۆیە بە کەیەتفەهیدواخ بە گنمایێک ئ تێبدە رێفەگر کەەروێشکەکەت
ەاڵنم یورەهگ دواخیە، ە ەلەڵەگەلیوڵەهتێبدە ادەکەتەردوو حاڵ بدیرێو فتیە بکەیت کەروێشکیش

ایئا نرەتشەگریە نەزۆک کردنی روێەکشک ،(لابردنی هێلکەداو لا یۆ مبنبردنی گەن لو نێرەودی هوس)ادیە ۆ ئبەوەی برتاش
رێف ببن؟
بەیڵ! بگێوساڕ ەمان! لتیدا مەئ نەشتەرەگریکهۆکارێ ەیە ۆ ئبەرەتی لیرێف رتنوەی ئاسا بک تێببسۆکەروێشکەکەت. کێکات
مەتەنی ەاتگۆ 4دەبهۆڕمۆ6 گنما نە سێکسییەکانی دە کچالابن دەد ڵوەو هات بە بۆنی ی چەمیزەکەند ۆبکێنێوش
بۆیە چ ەلەند شوێنێکی جیاواز و تمیز دەکا بۆنی یشەمیزەک زئ تێبدە سر پیۆەگمەر ئە نەشتەرەگریۆبەروێ یەکشک
بەدیت، زرۆ بۆکبرەتلیرتاشسەکاردێەبیەکنێ و بۆنی دە مەی کەمیزەکبێشەوە و لەتسماو ئار رتاغتر خۆی داریگ بکات،
تێبدە رتژدرێونکە پ ادەسەنجک یاەروێشکی نێر نێپەلجەم مەت یساڵەنیدا توپرێش یوشەنجیە کەروێشکەکەت نەئجما
یوشەنجی هەێلکەدان دەبن. وەئ مڵاەب نەشتەرەگریڕێگ ەیرروێەک .توە دەکاەی لشک زرۆ دەبێت، مەروەها تەهەنیشی چ
یەک کەروێشکت هەبێت ید ئواخەگر دووەانت هەبێت وەئ ەک ەرەکییەسیرجەم گوکان دەەنوبن. کەروێشکی ت یموپرێش
نەشتەرەگرینەۆ ئبانیەیجما بدتیخ هێرا زینەاد دەک. بۆیە پێویستە اهنەت

چ رەتاو لینەلکەیەترەسەک باد ادەکەسۆکبنێ؟م :
وەڵامەکەی پشت تتدەستیناودەتەی کەناتو شەبتێتسەبدە بکەوێت. ریبترەوەاوی خەنخاڵا مەئ مڵاەب بێت
روێەکشک حەز کات تدەکاێکی زرۆ بۆکبرەتاو لینەر لەس ەباتسەیەک ،1
روێەکشک زۆرَبەی جار حەز تدەکا گرەسەو کەلزاتەیە گبرێت رەتاو لینەلەک بەکەسۆکیدایە. بۆیە راادگئابە نتێبا بە چهیە ،2
تیێبناۆ دبیەلیشپ یخۆڵ کەیەوێش .
روێەمیزی کشک بۆنێکی بەەزی هێهیە ،3

کۆمەڵگەی کەروێشکی اترەسەو کەئ ییارنشێپ ،ڵمانە ابەلەن کەدەکبەس یترووشتی تدرووس Rabbit.org Foundation
کرەان لیوەا گییا و وەرەقە ە مەرهەبێنرونا
ەلنی مەوروپا و ئەئریکبیی تاەترەسەا کەت ەهیە دەک ەکرێتە رەتاو لینبروێەک یسۆکشک ە ەمیزەک وتاکەمڵژێت نۆبوەیەک
مەک بکاتەوەلکێدنەوە، ە براندانە بریتەلنوڵاتا ی : Care Fresh (natural only)، Cat Country، Critter
Country، Yesterday’s news. And Pappur

چۆن کروەهەت بە یشپلە دەفرشێرێت، ۆ کبەروێشکیش بیی تاەترەسەکەت بە ەخۆی هیە ۆکبرەتاو لینەلەکسەیەک
ادبنرێت، هیواداساڵا ەلمرنی داووهات بێتە کوانتبردسیتا یخۆڵ

لەو کەرەستانەی لیتەر دوور بکەوەرەوە کە لە تەختە و دار سنەوبەر و ئاردە مشار درووست کراون، چونکە هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی جگەر لە کەرۆشکدا.

نابێت بە هیچ شێوەیەک خۆڵی پشیلە بۆ کەرۆشک بەکاربهێنرێت چونکە ئەگەر یەک دەنک بکەوێتە دەمیەوە و بیخوات پێی هەرس ناکرێت و دەیکوژێت. و ئەگەر ئەو کەرەستانە بەکاربهێنرێت کە لە ئاردە مشار درووست کراوە و ڕاستەوخۆ کەرۆشکەکەت لە ناویدا دابنیشێت ئەوا تووشی بەکتریا و ڕەوانی دەبێت.

شێوازێکی زۆر باش و سەلامەت ئەوەیە کە گیپای وشک (گزرە گیپا) بخەیتە ناو لیتەر بۆکسەکەی و لە ژێریدا دوو چین لە گۆڤاری کۆن ڕابخەیت بۆ ئەوەی میزەکە هەڵبمژێت و کەرۆشکەکەت پیس نەبێت. پێویستە ڕۆژانە گیپاکە و گۆڤارەکانی بۆ بگۆڕیت چونکە خراپە بۆی ئەگەر گیپای میزاوی بخوات. ئەمە شێوازێکی سەرکەوتووە بۆ ڕاهێنانی کەرۆشکەکەت، چونکە زۆربەی کەرۆشک پێیان خۆشە لە یەک کاتدا هەم دەمیان بجوڵێ و هەم لە ناو لیتەر بۆکسەکەیاندا بن.

پاک کردنەوەی لیتەر بۆکس:

پێویستە ڕۆژی جارێک یاخود زیاتر، بە گوێرەی توانا، لیتەر بۆسکی کەرۆشکەکەت خاوێن بکەیتەوە، ئەمە کەرۆشکەکەت هان دەدات کە باشتر ئەوێ وەک توالێت بەکار بهێنێت. بەڵام ئاگادار بە هەرگیز کەرۆشکەکەت هەڵمەگرە کاتێک لەوێدایە. دەتوانیت بۆ پاک کردنەوەی لیتەر بۆکسەکەی سرکەی سپی و ئاو بەکار بهێنیت. ئەگەر هێشتا باش فێر نەبووە تەنها لە لیتەر بۆکسەکەدا میز بکات، ئەگەر لە شوێنی دیکە میزی کرد دەتوانیت سوود لە سرکەی سپی و ئاو ببینیت بۆ خاوێن کردنەوەی و نەهێشتنی بۆنەکەی. ئەگەر میزەکە وشک بووەتەوە دەتوانیت بە موعجیزەی شووشە پاک کردنەوە پەڵەی میزەکە خاوێن بکەیتەوە.ئەگەر لە دەرەوەی لیتەر بۆکسەکەی پشقلی کرد، پشقلەکە بکەرەوە ناو لیتەر بۆکسەکەی تاکو باشتر بیناسێتەوە توالێتەکەی، یاخود دتوانیت وەک پەیین بیکەیتە باخەوە.

چ جۆرە قەفەزێک بۆ کەرۆشک باشترینە؟

پێویستە قەفەزی کەرۆشک هێندە گەورە بێت کە بتوانێت بە ئاسانی تێیدا جووڵە بکات و هەستێتە سەر پێ و ڕابکشێت، هەروەها دەبێت لیتەر بۆکسێکیش لە ناو قەفەزەکەیدا بێت. پێویستە هەمیشە ئاو و هەندێ شتومەکی یاری و هەمیشەش گیپا هەبێت لە ناو قەفەزەکەی. شتوومەکی یاری وەک (چیلکە، کارتۆن،ورچی پەڕۆ. لوولەی موبەڕیدە تا کاتێک ترس دای دەگرێت بتوانێت خۆی تیا حەشار بدات...) لیتەر بۆکسەکە لەو شوێنەدا دابنێ کە کەرۆشکەکە پێی خۆشە وەک توالێت بەکاری بهێنێت، جاری وا هەیە ئەوان خۆیان شوێنێک هەڵدەبژێرن بۆ لیتەر بۆکس.

ئایا ئەو قەفەزانە گونجاون کە زۆر بەرزە یاخود دەرگای نییە و تەنها بەشی سەرەوەی کراوەیە؟

زۆر گرنگە کە قەفەزی کەرۆشکەکە بە جۆرێک بێت کە بتوانێت لێوەی هاتووچۆ بکات و بتوانێت بە قاچی خۆی لە قەفەزەکە بێتە دەرەوە و بچێتەوە ژوورەوە، بۆ ئەوەی کاتێک بە ژوورەکەیا ئازادە بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەکەی و لیتەر بۆکسەکەی بەکار بهێنێت.خۆ ئەگەر قەفەزەکەی شوێنێکی ئارام و گونجاو نەبێت و هەراسانی بکەیت تێیدا و زۆر باوەشی بگریت ئەوا ڕەنگە هەرگیز فێری ڕەوشتی جوان و بەکارهێنانی لیتەر بۆکس نەبێت.

چی بکەم ئەگەر قەفەزەکەی زۆر بچووکبێت و شوێن نەبێت بۆ لیتەر بۆکسەکەی، ئەی ئەگەر قەفەزی نەبێت چی؟

ئەگەر قەفەزەکەی هێندە بچووکە کە شوێنی لیتەر بۆکسەکەی تێدا نابێتەوە، ئەوا بێ گومان بە کە بۆ کەرۆشکەکەش بچووکە و پێویستە قەفەزێکی گونجاوتری بۆ پەیدا بکەیت. پێویستە لیتەر بۆکسی کەرۆشک هێندە بێت کە بتوانێت بە باشی تێیدا دابنیشێت.هێندەی دەفری ناو فڕن ببێت باشە. ئەگەر ئەرزی قەفەزەکەی وایەرە و ژێرەکەی سینییە ئەوا کەرۆشکەکەت ناو قەفەزەکە وەک لیتەر بۆکس بەکاردێنێت و سینییەکەی ژێریشی دەبێتە شوێنی میز و پشقلەکانی. ئەگەر کەرۆشکەکەت قەفەزی نییە، ئەوا پێویستە شوێنێک، سووچێکی بۆ تایبەت بکەیت و لیتەر بۆکسەکەی لەو جێیەدا بۆ دابنێیت کە پێی خۆشە.

پشقل و میز

هەموو کەرۆشکێک ئەگەر زۆر بە باشیش فێری لیتەر بۆکس بووبێت هەندێک پشقل بە ناو قەفەز، یاخود بە شوێنەکەیاندا بڵاو دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بە هی خۆیانی بزانن ئەو شوێنە و دەستنیشانی بکەن. ئەمە زۆر ئاساییە و پێویستە هەمیشە کەرۆشک شوێنێکی هەبێت بە هی خۆیی بزانێ، تاکو کاتێک دێتە دەرەوەی قەفەزەکە و بە ناو ژوورەکەدا دەگەڕێت پشقل لە هیچ شوێنێکی تر نەکات و بگەڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەکەی. بۆ دەستکەوتنی ئەمە، پێویستە کەرۆشکەکەت بکەیتە پاشای قەفەزەکەی. نابێت بە هیچ شێوەیەک تووڕەی بکەیت کاتێک لەناو قەفەزەکەیدایە، نابێت هەڵیبگریت و بیترسێنیت. چونکە ئەگەر بەمجۆرە بکەیت ئەوا ناگەڕێتەوە ناو قەفەزەکەی و لە شوێنی تر میز و پشقل دەکات.

کلیلی ڕاهێنانی کەرۆشک لەسەر ئەم سیفەتە جوانە تەنها ئەوەیە کە ڕێز لە تایبەتمەندی قەفەزەکەی یاخود شوێنەکەی بگریت و لەوێدا بە هیچ جۆرێک بێزاری نەکەیت و نەهێلیت هیچ کەس هەراسانی بکات. تاکو هەمیشە بە مالّ و لانەی خۆیی بزانێ و لەوێدا هەست بە ئارامی بکات.

یەکەم: هەڵیمەگرە و زۆری لێ مەکە بۆ هاتنە دەرەوە، هەرکات ویستت بیهێنیتە دەرەوەی قەفەزەکەی، دەرگاکەی بۆ بکەرەوە و ڕێگە بدە بە ئارەزووی خۆی بێتە دەرەوە.

دووەم: هەرکات ویستت بچێتەوە ناو قەفەزەکەی خۆی، هەڵیمەگرە، بە زۆر مەیبە. بەڵکو بە هێواشی و نەرم و نیانی پاڵی پێوە بنێ و بەرەو لای قەفەزەکەی ببە. خۆ ئەگەر بێزاری بکەیت یاخود بە باوەش بیکەیتەوە ناو قەفەزەکەی ئەوا قەفەزەکەی لا ناشرین دەبێت و لەسەر ڕەوشتە جوانەکانی بەردەوام نابێت.

سێیەم: ئەگەر کەرۆشکەکەت ڕقی لە باوەش گرتن نییە، ئەوا ئاساییە ئەگەر بیکەیتە نزیک قەفەزەکەی بە باوەش، پاشان بەرەو لای دەرگای قەفەزەکە ڕێنمایی بکەیت.

چوارەم: کاتێک کە کەرۆشکەکەت پشوو دەدات لە ناو قەفەزەکەی، شوێنەکەی بۆ پاک مەکەرەوە، چاوەڕێ بکە تاکو دێتە دەرەوە. کەرۆشک کاتێک شوێنێک دەکەن بە مولّکی خۆیان پێیان خۆش نییە کە دەستی لێوە بدەیت و دەستکاری بکەیت.ئەگەریش لە دەرەوەی قەفەزەکەی یاخود شوێنەکەی بێت ئەوا هەر دێت و سەیرت دەکات کاتێک شوێنەکەی بۆ پاک دەکەیتەوە.

ئایا دەکرێت کەرۆشکەکەم لە ناو ماڵەکەدا، یان ژوورێکدا ئازاد بێت؟

بەڵێ دەکرێت، بەڵام سەرەتا تاکو ئەو کاتەی بە باشی فێری لیتەر بۆکس دەبێت، پێویستە لە شوێنێکی بچووکی ژوورەکەدا بێت، پاشان وردە وردە شوێنەکەی بۆ گەورە بکە و هەرکات بە تەواوی فێر بوو دەتوانیت لە هەمان ژوور ئازادی بکەیت ئەو کاتانەی کە خۆت ئاگات لێیەتی و دەتوانیت سەرپەرشتی بکەیت. خۆ ئەگەر سەرەتا ئازادی زۆری بدەیتێ، زۆر ئەستەمە کە فێری ڕەوشتی جوانی لیتەر بۆکس ببێت.

چەند لیتەر بۆکسی هەبێت باشە؟

سەرەتا دەتوانیت چەند لیتەر بۆکسێکی بۆ دابین بکەیت ئەگەر پێی خۆشە لە چەند شوێنێکی جیاوازدا میز بکات. پاشان کە فێر بوو تەنها یەک بۆکس بەکار بهێنێت، دەتوانیت ئەوانەی تری بۆ لا ببەیت.

چی بکەم ئەگەر کەرۆشکەکەم شوێنێکی تری وەک توالێت بەکار هێنا؟

ئەگەر کەرۆشکەکەت سوور بوو لەسەر بەکارهێنانی شوێنێکی تر. ئەوا پێویست دەکات بۆکسەکە بخەیتە ئەو شوێنەی ئەو پێی خۆشە تێیدا میز ە پشقلەکانی بکات. هەندێ جار کارێکی قورسە کە هەوڵ بدەیت قەناعەت بە کەرۆشکەکەت بکەیت کە بە ویستی تۆ هەڵسوکەوت بکات. سەرنج بدە، ئەگەر کەرۆشکەکەت سووڕە لەسەر میز کردن لە شوێنێکی دیکە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت لیتەر بۆکسەکە لەو شوێنەدا بێت کە خۆی هەڵیبژاردووە. ئەگەر ئەمە بە مانای ئەوەش بێت کە مێزێک یان کەلوپەلێک لە شوێنی خۆی بجووڵێنیت.

دیارترین هەڵە چییە کە دەشێت ئەنجامی بدەین لە ماوەی ڕاهێنانی کەرۆشکەکە؟

1. یەکێک لە هەڵەکان ئەوەیە کە کەرۆشکەکە ئازاد بکەیت بە ژوورەکەیا و خۆت سەرپەرشتی نەکەیت لە سەرەتادا. ماوەی سەرەتا ئەگەر کەرۆشکەکەت لە شوێنێکی تر جگە لە لیتەر بۆکسەکەی میزی کرد، پێویستە بە زووترین کات بیکەیتەوە ناو

قەفەزەکەی، یان لیتەر بۆکسەکەی. خۆ ئەگەر میز بکات لە شوێنێکی تر و تۆ نەچیت بیکەیتەوە قەفەزەکەی، ئەوا زۆر بە هێواشی فێری ئەو ڕەوشتە جوانە دەبێت. تاکو جوان فێری لیتەر بۆکس دەبێت پێویستە زۆر چاوت لەسەری بێت ئەو کاتانەی کە لە دەرەوەی قەفەزەکەیە.

2. یەکێکی تر لە هەڵە گەورەکان ئەوەیە کە زۆر پەلەی لێبکەیت. کەوێشک پێویستی بەوەیە کە کاتی بۆ تەرخان بکەیت و هەندێ کات هەموو سەرنجت لای ئەو بێت تاکو جوان فێر دەبێت تەنها ناو بۆکسەکەی خۆی وەک تواڵێت بەکار بهێنێت.

چی بکەم ئەگەر کەوێشکەکەم شوێنەکانی تری قەفەزەکەی وەک تواڵێت بەکار بهێنێت؟

زۆر شت هەیە وا لە کەوێشک دەکات کە بە باشی لیتەر بۆکسەکەی بەکار نەهێنێت. بۆ نموونە، ئەگەر ماڵەکە زۆر قەرەباڵغ بێت و دەنگە دەنگی زۆری تێدا بێت. ئەگەر زوو زوو شوێنی قەفەزەکەی بگۆڕیت. ئەگەر زۆر هەراسانی بکەیت و زۆر باوەشی بگریت کاتێک لەناو قەفەزەکەیەتی. ئەوا ڕەنگە باش فێر نەبێت، چونکە کەوێشک بە بۆنی میز شوێنێک دەکات بە موڵکی خۆی، وە کاتێک سترێسی هەیە یان دەترسێت زیاتر بە پێویستی دەزانێت لە شوێنی تردا میز بکات.

چی بکەم ئەگەر کەوێشکەکەم کەمە کەمە میز بکات لە شوێنی تردا؟

ئەگەر کەوێشک تووشی هەوکردنی میزەڵان ببێت ئەوا ئەمە ڕوودەدات. لەم حاڵەتەدا پێویستی بە (ئەنتی بایۆتیک) هەیە. بەڵام نابێت کەوێشکەکەت بخەیتە بەر دەستی هەموو پزیشکێک. دەبێت پزیشکێک ڕێژەی دەرمانەکەی بۆ دەست نیشان بکات کە زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر کەوێشکی ماڵ.

بە داخەوە لە کوردستان زۆر ڕووبداوە کە پزیشکە ڤێتەرنەرییەکان دەرمانی هەڵە دەدەن بە کەوێشک و بەو هۆیەشەوە دەمرن. لە کۆلێژی پزیشکی ڤێتەرنەری هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی کەوێشک ناخوێنرێت. بۆیە زۆر گرنگە کە کەوێشکەکەت نەخەیتە بەر دەستی هەر پزیشکێک. پێویستە لەسەر پزیشکە ڤێتەرنەرییەکان زیاتر بخوێننەوە لەسەر کەوێشکی ماڵ بە زمانی ئینگلیزی.

بۆچی کەوێشکەکەم ڕێک لە تەنیشتی لیتەر بۆکسەکەدا میز و پیسایی جێدەهێڵێت؟

سێ هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەمە، بە تایبەت ئەگەر کەوێشکەکەت باش لیتەر بۆکسەکەی بەکار هێنابێ بەڵام کتوپڕ ئەم خووەی بگۆڕێت.

1. ئیلتیهابی بۆری میز، هەبوونی ڕملّ لە ناو میزەڵان، بەردی میزەڵان، نەخۆشی گورچیلە.

2. هۆکاری دەروروبەر، کەوێشک زۆر زوو توشی سترێس دەبێت. ڕەنگە بە هۆی ئازەڵێکی دیکەوە کە تازە کڕیوتانە، یاخود، بە هۆی باوەشکردنی زۆریەوە. ڕەنگە لەناو لیتەر بۆکسەکەیدا بێت بەڵام دەنگێکی زۆر گەورە دایبچڵەکێنێت و لە لیتەر بۆکسەکەی باز بداتە دەرەوە.

بۆیە زۆر پێویستە ئەو ژینگەیەی کە کەوێشکی تێدایە ژینگەیەکی قەرەباڵغ نەبێت و ڕێگە نەدەیت کە منداڵ و کەسانی دەورو بەر باوەشی بگرن کاتێک کە لە ناو قەفەزەکەی خۆیدایەتی.پێویستە قەفەزەکەی و ناو لیتەر بۆکسەکەی ئارامترین شوێن بێت بۆ ئەو و هەرگیز لەوێدا هەراسان نەکرێت تاکو هەمیشە ئەوێ بە لانەی سەلامەتی خۆی بزانێت و هەمیشە پێی خۆش بێت کە دوای پیاسەیەک بە ژوورەکەدا، یاخود بە ماڵەکەدا، بگەڕێتەوە بۆ شوێنی لیتەر بۆکسەکەی.

ئەگەر بڕیارت دا بە ماڵەکەدا ئازادی بکەیت. پێویستی بە چەند لیتەر بۆکسێک هەیە (بۆ نموونە ماڵەکەی ئێمە سێ ژووری لە دوو شوێندا ، دوو سووچی دوو ژووردا لیتەر بۆکسم بۆ داناوە).

ئەگەر کەوێشکەکەت لەو جۆرە نەبوو کە بە ئاسانی فێری ئەم خووە جوانە ببێت. پێویستە کەمێک ئارام بگریت و ئەگەر هەڵەی کرد، لە شوێنی تر میزی کرد، پێویستە دەست بە جێ تا لای قەفەزەکەی پاڵی پێوە بنێیت و تا شەو و ڕۆژێک ڕێگەی نەدەیت بێتە دەرەوە لە قەفەزەکەی. وەک وتم، پێویستە ماوەی یەکەم، زۆر باش چاوت لەسەری بێت و ڕێک لەو کاتەدای کە میز دەکاتە شوێنێکی هەڵە. نەهێڵیت بە سەریا تێپەڕ ببێت و بیکەیتەوە ناو قەفەزەکەی تا ڕۆژی دواتر. خۆی وردە وردە تێدەگات کە کارێکی هەڵەی کردووە.

Translation by Tarza Taimur